# به ڕۆژووگرتن حسێب ناكرێت بۆ ئەو كەسەی هەموو ڕۆژەكانی ساڵ بەڕۆژوو دەبێت، ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێک وەکو ڕۆژووگرتنی هەموو ساڵەكە وایە

لە عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «تۆ هەموو ڕۆژێك بەڕۆژوویت وهەموو شەو شەونوێژ دەكەیت؟»، ووتم: بەڵێ، فەرمووی: «ئەگەر وا بكەیت چاوەكانت كز دەبن، ونەفس ەلاشەت هیلاك دەبێت، بە ڕۆژووگرتن حسێب ناكرێت بۆ ئەو كەسەی هەموو ڕۆژەكانی ساڵ بەڕۆژوو دەبێت، ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێک وەکو ڕۆژووگرتنی هەموو ساڵەكە وایە»، ووتم: من لەوە زیاتر دەتوانم، فەرمووی: «ڕۆژوو بگرە وەكو ڕۆژووگرتنی داود -عليه السلام-، ڕۆژ نا ڕۆژێک بەڕۆژو دەبوو، وڕای نەدەكرد هەركات بگەشتایە بە دوژمن».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی ووترا كە عبد الله ی كوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- هەموو ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبێت وبە درێژایی ساڵ ڕۆژوو ناشكێنێت، وبە درێژایی شەو؛ نوێژ دەكات وناخەوێت، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێكرد، وپێی فەرموو: ڕۆژانێك ڕۆژوو بگرە وڕۆژانێكی تر بیشكێنە، بەشێك لە شەو نوێژ بكە وبەشێكی تر بخەوە. ونەهی لێكرد لەوەی هەموو ڕۆژەكان بەدوای یەكدا بەڕۆژوو بێت وبە درێژایی شەو نوێژ بكات، وپێی فەرموو: تۆ ئەگەر وا بكەیت ئەوا چاوەكانت لاواز دەبن وئازاریان پێدەگات، وڕۆحت شەكەت وماندوو دەبێت؛ بۆیە هەركەسێك بەدرێژایی ڕۆژەكانی ساڵ بەڕۆژوو بێت ئەوا لەڕاستیدا ڕۆژووی نەگرتووە وبۆی حسێب ناكرێت، وپاداشتی دەستناكەوێت چونكە سەرپێچی كردووە، وسوودی وەرنەگرت لە ڕۆژوو نەگرتن چونكە خۆی گرتەوە لە خواردن وخواردنەوە. پاشان ڕێنمونی كرد بۆ ڕۆژووگرتنی سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێكدا؛ چونكە پاداشتی ڕۆژووگرتنی یەك ڕۆژ؛ وەكو پاداشتی ڕۆژووگرتنی دە ڕۆژە، وئەمیش كەمترین بڕی چەندجاربوونی پاداشتی كردەوە چاكەكانە. عبد الله ووتی: من لەوە زیاتر دەتوانم. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: كەواتە وەكو داود -عليه السلام- ڕۆژوو بگرە، ئەمیش باشترین جۆری ڕۆژووگرتنە، ئەو ڕۆژ نە ڕۆژێك بەڕۆژوو دەبوو، وئەگەر بگەیشتایە بە دوژمن؛ ڕای نەدەكرد، چونكە شێوازی ڕۆژووگرتنی نەدەبووە هۆی لاوازبوونی لاشەی.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee